www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا-4-10-2006 23:51

# گرووپی هونەرمەندانی نارازی داوادەکەن لێپرسراوانی یەکێتی هونەرمەندان لەبەرئەوەی هیچ شەرعییەتێکی یاساییان نەماوە ماڵئاوا بکەم ... سلێمانی / ڕێژین ئیبراهیم

پاش ئەوەی گرووپی (50) کەسی لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی یەکەم کۆبوونەوەیان لە ڕۆژی دووشەممە لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەست تیایدا بڕیاری ئەوەیاندا کە بۆ ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی سێ شەممە یاداشتێك بەرنە ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانیکوردستان و بە ئەندامە دێرینەکانیان بڵێن ئێوە شەرعیەتتان نەماوە ماڵئاوای بکەن، لەو یاداشتەی کە هونەرمەندانی نارازی پێشکەشیان کرد وێنەیەکی دەستی هەواڵ کەوتووە تیایدا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە پاش هەموو ئەو هەنگاوانەی لە چەندساڵی ڕابردوودا نراون بۆ هێنانە کایەیریفۆرم و گۆڕانکاری بنچینەی لەنێوان (یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان و) و (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان)، بەڵام هەموو هەوڵەکان نائومێدی ئاکامی هەبووە.

لەپاش ئەوەی کە ئێوارەی 2006/9/26 هونەرمەندانی نارازی چونە بەردەم ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بۆ پێشکەش کردنی یاداشتەکەو گفتوگۆ و دیالۆگی هونەریانە، بەڵام بەداخەوە یەکێتی هونەرمەندان دەرگای بەرووی ئەو هونەرمەندانەدا دەختوو لەهەمان کاتیشدا دەرگای گفتوگۆشی داخست، هونەرمەندانی نارازی لەبەیاننامەکەدا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە و تیایدا دەڵێن " ئێمە لەهەوڵەکانی ڕابردوودا ئێستاش شەری بەردەوام لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا لە پێناوی گۆڕاندابووە، ئەو گۆڕانانەش بریتی بوون لەوەی کە (لە ڕێکخراوێکی سستەوە بۆ ڕێکخراوێکی کارا، لە گەندەڵیەوە بۆ سیستماتیزەکراو لە پاشکۆی حیزبەوە بۆ ڕێکخراوێکی ئازاد، لە ماڵی خێرو یەدەقەوە بۆ ماڵێك هونەر هەناسەی تێدا بدات، لەماڵی جەهلەوە بۆ ماڵێك حورمەتی عەقڵی تیا بگیرێت، لەمۆڵگەی بێهەڵوێستەوە بۆ ماڵی شێلگیری و بەشداربوون لە بڕیاردانەی پەیوەست بەژیانی خەڵکەوە، لەماڵی گوێرایەڵی و فەرمانەوە بۆ هەواری دیالۆگ و کرانەوە، دوابەدوای پێشکەش کردنی ئە یاداشتە کەرێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانیش بەیاداشتێك وەڵامی دانەوو لەسەرەتای یاداشتەکەدا داهاتووە دەڵێت" هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵی تۆمەت دەخنەن پاڵ ڕێکخراوەکەمانو بەماڵی جەهل ناوی دەبەن، ئەی بۆ ژمارەیەك لە ئیمزاکەرانییاداشت نامەکە تاکو دوێنی ئەندام بوون لەو ماڵە، هەروەها لەکۆتای یاداشتەکەشدا سەبارەت بەداواکاریەکانی هونەرمەندانی نارازی بەچەند خاڵێك وەڵامیان داونەتووەو لەدوایشدا ئاماژە بەوەدەکەن کە هندێك تۆمەت کە دەچنە انەی تەشهیرەوە ئەو کاتە ڕێگەی یاسای دەگرینە بەر، لەپاش ئەوەشدا هونەرمەندانی نارازی ڕایانگەیاند کە بۆ ماوەی 48 کاتژمێردەمێننەوە لەبەردەم ڕێکخراوی یەکیتی هونەرمەندان تاکو وەڵامێکی تەواویان دەست دەکەوێت، تاهیر عبدولوحید کە یەکێکە لەهونەرمەندانی نارازی ووتی"ئەو مانەوەیەمان بەهیچ شێوەیەك ناوی مانگرتنی لی نانێین"، تەنها بۆ دەست کەوتنی وەڵامێکی تەواو لە وێکخراوە، هەروەها تاهیر ئەوەشی ڕاگەیاند " لەدوای کۆنگرەی (یەیتی هونەرمەندانی کوردستان و) و (سەندیکای هونەرمەندی کوردستان) ئێمە دەنگی نارازیمان بەرز کردەوە، چونکە شێوەیەك لە نهێنی بەخۆوە دەبینی زۆرێك لەو هونەرمەندە بی ئاگابوون لەوەی کە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندام بۆ کۆنگرەی"هەروەها ووتی "ئێمە وەکو هونەرمەندانی نارازی داوای ریفۆرم دەکەین لەناو ئەو ڕێکخراوە"" لەکۆتای قسەکانیدا تاهیر تیشکی خستە سەر یەکێتی هونەرمەندان وهەڵوێستی بەرامبەر بەگرووپی نارازی ووتی "بەداخەوە یەکێتی هونەرمەندان لەلەحزەی یەکەمەوە دەرگای بارەگاکەی بەرووی هونەرمەنداندا داخست و دەرگای گفتو گۆو دیالۆگی داخست".

وابریارە لەرێگەی كامپینی گشتی بۆ پشتگیری ئەو پرۆژەیەی كە هونەرمەندانی نارازی پێی هەڵدەستن، بەدانانی كەمپینێك و دواتر لە رێگەی ئیمزا كۆكردنەوە دەنگی نارەزای خۆیان رابگەیەنن، گروپی هونەرمەندانی نارازی داوادەكەن لێپرسراوانی یەكێتی هونەرمەندان لەبەرئەوەی هیچ شەرعییەتێكی یاساییان نەماوە ماڵئاوا بكەم ز
شایەنی باسە یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان لە ساڵی 1992 دا دامەزراوەو نزیكەی 2000 هەزار ئەندامی هەیەو لەكاتی شەری ناوخۆدا 94_98 دابەش بوون بۆ دوو ریچكخراوی جیاجیا ئەویش (یەكێتی هونەرمەندان و) و (سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان) لەم ماوەیەشدا بریارە یەكبگرنەوە هەردوو رێكخراوەكە